# پێشینی زێڕین
# گەپی دوور لە قین

# مەنەلۆج

(٢ - ٣)




**ستران عەبدوڵڵا**

ستران عەبدوڵڵا

پێشینی زێڕین، گەپی دوور لە قین (مەنەلۆج)

2026

لەبڵاوکراوەکانی (دیجیتاڵ دەگمەن)
-٤-

لە کتێبی دووەمی مەنەلۆج کارەکە گەڕانەوەیە بە هەمان ناونیشانی مەنەلۆجە تاقانەکەی تایم و بەهەمان ناوەرۆکی گاڵتە و گەپی (میوانی هەفتە)ی هەفتانە. ناوەکەشی نزیکە لە مەنەلۆگەکەی داهێنەری فەیلی، مەنەلۆجستی عیراقی، عزیز عەلی کە دواتر هونەرمەندی بەهرەمەند سابر عەبدولرەحمان لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی رابردوو چەند دیمەنێکی جوانی بە ئەزموونی کوردی، لێ تۆمار کرد.

پێشینی زێڕین
گەپی دوور لە قین

# مەنەلۆج

پێشینی زێڕین
گەپی دوور لە قین

# مەنەلۆج

(٢ - ٣)

**ستران عەبدوڵڵا**

سلێمانی - ٢٠٢٦

بەرگی هەر سێ کتێب، بە پەرەموچی هونەرمەند شێرکۆ خانزادی و لە سەکۆی مەشهورەوە، بە ئیزنی خاوەنەکەی وەرگیراوە. سوپاسی دەکەم

ناوی کـتـێــب: پێشینی زێڕین، گەپی دوور لە قین (مەنەلۆج)

نووسەر: ستران عەبدوڵڵا

دیزاین: شۆڕش ئەحمەد

دەزگای بژاردەی (دەگمەن)

لە بڵاوکراوەکانی دیجیتاڵ دەگمەن (٤)

# چیرۆکەکە بێ بنچینە و بێ بنەما نییە

تەمەنـی ئیدراکـی حەقایـق لای نووسـەر، کـە ئیدراکـی حەقایـق وەك شـێخ ڕەزا دەیفەرمـوو مومکیــن نییــە، هاوشــانی بەشــداری ڕۆژنامەوانیــی و هاتنــە دونیـای نووسـینی سیاسـییەتی. کـە دەمـەوێ باسـی بەشـداری سیاسـیی بکـەم هــەر دەبــێ باســی بەشــداری ڕۆژنامەوانــی بکــەم. لــەم بــاس و کــۆڕەدا زۆرم نووســیووە و زۆرم چاپکــردووە. لــە پەنــا باســی جیــددی و شرۆڤــەی قەڵــەو قەڵــەوەوە، کاروبــاری ڕۆژنامەنووســیی توانــج و ســیخورمە و لاقرتێشــی گــەرەك بــوو. بەتایبەتــی کــە ڕۆژنامەنــووس لــە کایــەدا هــەم نووســەر و هــەم کارگێــر و هەمیــش نفیســکاری ڕۆژنامــە و گۆڤــاران بێــت. هەندێــك جــار دەزانــی هــەر شرۆڤــە و باســی جدییــدی بــەس نییــە، قســەی نەســتەق و توانجــی ڕەق و تــەق و کاریکاتێــر و تیــری گەپچاڕیــش پێویســتە. ئەمانــەی لێــرە لــەم ســێ کتێبــەی لــە یــەك جڵــد بەنــاوی (پێشــینی زێریــن -گەپــی دوور لــە قیــن) بــڵاو بوونەتــەوە. بەشــێکن لــەو جــۆرە نووســینانە کــە لەســەر زیزبــوون و عاجزبــوون و لێکدانــەوەی جیــددی نەکــراون و هــەر دەبــێ لــە مــەکان و زەمــان و ســنووری مانــای خــۆی لێــك بدرێتــەوە.

بەشــی یەکەمــی بریتییــە لــە کۆمەڵێــك نووســین کــە دەشــێ نــاوی بەیــت و بالــۆرە و لاواندنــەوەی گاڵتــە و گەپــی لــێ بنێــم. کــە دەشــێ وەك (مەوالــی) عەرەبــی بێــت. بەشــی دوەمیــش هــەروا و دیــارە ســێیەمیش کورتــە توانجــە

ئــەم تــەرزە لــە ڕۆژنامەگــەری دونیــا بــاوە و کاتــی خــۆی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت ڕۆژنامەگــەری عەرەبــی و ئێرانــی پێــی دەناسرایــەوە. لە ئێران (عەلی

ئەکبـەر دهخـدا) ئەوەنـدە توانجـی وای نووسـی بـووە خـاوەن فەرهەنگـی وا کـە خزمەتـی ئـەدەب و زمانـی فارسـی پـێ کـرد. لای تـورك نازانـم کـێ بـوو؟ مەگـەر عەزیـز نەسـین لـە چیرۆکـدا بیخەینـە بابـی رۆژنانووسـی تەنـزەوە. لای عـەرەب لـە عێـراق تـا لوبنـان هەبـوون. عیـراق کوردێـك کـردی (نـوری سـابت) کـوردی سـلێمانی بـە نـاوی حەبـەز بـۆزەوە قسـەی نەسـتەقی بـۆ شـاعیر عەبـود کەرخـی دەسـەندەوە. لـە میسـر ئەهلـی تەقـوای وا زۆر بـوون. بەیـرەم تونسـی خەبـات و مەنفـا و گاڵتەجـاڕی وا تێکەڵکردبـوو مەشـهوری گشـت عالەمـی (ئـوم دونیـا) بـوو. ئینجـا نـاوی تریـش هـەن لـە ئەحمـەد رەجەبـەوە بـۆ مەحمـود سـەعدەنی و هـی تریـش.

لـە لوبنـان ئـەم ژانـرە و هـی دیکـەش کـە توانـج و دیالۆگـی گاڵتـە و گەپـە وا بـاوە بۆتـە بەشـێك لـە ئەزموونـی رۆژنامەگەرییـان. لـە رۆژنامەگـەری کوردیـش بـە یارمەتـی کاروانـی شـیعری کـوردی نەریتـی وا دەبینیـن. لـە نـق و جقەکـەی عەبدوڵـڵا گۆرانـەوە بـۆ گاڵتـە و گەپەکانـی فایـەق بێکـەس تـا بەشـی تەنـزی پەندەکانـی پیرەمێـرد لـە رۆژنامـە و ئینجـا دیوانـی شاعیرانیشـدا دەبینرێـت. هـەژاری موکریانـی لـە رۆژنامـەی خەباتـی برایـم ئەحمـەدەوە و ئینجـا رۆژنامـەی (کوردسـتان) ی سەرنووسـەرێتی مـام جـەلال ئـەم شـێوازە رۆژنامەوانییـە شـیعرییەی نووسـی. تـا دواییـش لـە کەینوبەینـی سیاسـی ناکۆکی نـاو کوردایەتـی باشـووردا رێـك دژی هـەر دووکیـان (برایـم و مـام جـەلال) خسـتییە کار و پێـم وایـە خراپـی کـرد. وەکـو هەمـوو ئیجتهـادە سیاسـییەکانی لـەم مەیدانـەدا خـراپ بـوو و لـە شـەئنی تێکۆشـانە فەرهەنگییەکـەی هێنایـە خـوارەوە.

لـە رۆژنامەگـەری دوای راپەڕیـن ئەگـەر قسـە لەسـەر تەنـزە بـە شـێوەی گل ئاغـا یـان گۆڤـاری مـەلا نەسردینـی جـاران ئـەوا گۆڤـاری سـیخورمە و دکتـۆر شـێرکۆکەی چاکیـان کـرد و ئەگـەر قسـە لـە ئحمـی بەشـدارییە لـە ئاوارەیـی ٣١ی ئابـی ١٩٩٦دا بڵاوکـراوەی (کامـپ) ویسـتی خەمـی ئاوارەیـی دانیشـتوانی ئـۆردوگای (قاسـمە رەش) برەوێنێتـەوە و فریـای دوو ژمـارەی خـاس کـەوت.

سـاڵی ١٩٩٧ لـه ئەزموونـی گۆڤـاری نـاوازەی تایمـدا، لـه یـەك گۆشـه بەسـەر حزبـه بچوکەکانـدا بەنـاوی عەلـی بەردەشـانی تاقیمکـردەوە کـه لێـره لـه کۆتایـی موتەفەرقیـەدا دامنـاوە. جـا سـاڵی (٢٠٠٨) کـه بینیـم لـه چاپـه عەرەبییەکـەی الاسـبوعیه (لـه بڵاوکراوەکانـی خەنـدان بـۆ پەخـش و وەشـاندن) رۆژنامەنووسـێکی عێراقـی (عەدنـان ئەبوزەیـد) ئـەم گۆشـەیەی بـه کاریکاتێرێکـی جوانـەوە بوژاندۆتـەوە گوتـم فورسـەتە لـه چاپـه کوردییەکـەی (هەفتانـه) منیـش بچمـه سـەر ئەشـقی دێریـن و وام کـرد کـه لێـره دەیبینـن. ئینجـا لەگـەڵ هونەرمەنـدی بەتوانـای کـوردی عیـراق، عەلـی مەنـدەلاوی، رێککەوتـم نـاوی بـۆ بنێـرم و ئەویـش کاری دەوڵەمەنـدو تێـری کاریکاتێریـان لەسـەر بـکات.

لـه کتێبـی دووەمـی مەنەلـۆج کارەکـه گەڕانەوەیـه بـه هەمـان ناونیشـانی مەنەلۆجـه تاقانەکـەی تایـم و بەهەمـان ناوەرۆکـی گاڵتـه و گەپـی (میوانـی هەفتـه)ی هەفتانـه. ناوەکەشـی نزیکـه لـه مەنەلۆگەکـەی داهێنـەری فەیلـی، مەنەلۆجسـتی عیراقـی، عزیـز عەلـی کـه دواتـر هونەرمەنـدی بەهرەمەنـد سـابر عەبدولرەحـمان لـه کۆتایـی هەفتاکانـی سـەدەی رابـردوو چەنـد دیمەنێکـی جوانـی بـه ئەزموونـی کـوردی، لـێ تۆمـار کـرد.

مەنەلۆجـی کتێبـی دووەم بـووە میوانـی (کوردسـتانی نـوێ) کـه خۆتـان دەزانـن رۆژنامـەی حزبـی بڕێکـی زۆر سانسـۆری گەرەکـه. بەتایبەتـی لـه نووسـینی گاڵتـه و گەپـدا. هـەرواش بـوو. یەکەم ئەڵقـەی لەسـەر کوژرانی بەلاش و حـەلاش و بـێ تاوانـی شـێخێکی شـیعەی سـعودیا بـوو کـه رۆژنامەنووسـه زەردەکانـی دەڤـەری زەرد توانجـی بـێ تامیـان لێـدام گوایـه نووسـین لەسـەر شـێخی شـیعه وەك ئـەوە وایـه لـه دابەشـبوونه ئیقلیمییەکانـدا، کـه خۆیـان زۆر کەیفیـان پێیەتـی، بـەلای ئێرانـی سـەفەویدا بیشـکێنییەوە لەبەرامبـەر تورکیـای عوسـمانیدا. بەداخـەوە چونکـه خۆیـان تەرەفـداری بەئاگابـوون وایـان زانـی خەڵکـی دیـش وەك خۆیـان تەرەفـداری تـورك و عەجەمـه، بـێ ئـەوان دەسـت ناکـەن بـه ئـاوا.

کتێبــی ســێیەمی ئــەم یــەك جڵــدە بەنــاوی (خەبــەردار)ە کــە کــوردی ڕۆژهەڵاتــی پــێ دەناسرێتــەوە و مانــای (أنتبــاە) دەگەیەنــێ.

لــەم کتێبــی ســێیەمە لــە کوردســتانی نوێــی- هەفتانــەدا هەندێــك شــێوەی هەواڵســازی و توانجــی لوبنانیــم کردۆتــە مۆدێــل، بەڵکــو ڕۆژنامــەی کــوردی لەســەری بــڕوا. گشــتی ئــەم کۆکــراوە و ئــەم بەرهەمــەی لــێ کەوتــەوە.

نــاوم نــا (پێشــینی زێریــن، گەپــی دوور لــە قیــن) تــا مانــا بــدا بەدەســتەوە نووســینەکان کــۆن و دێرینــن، هــی ڕۆژانــی پێشــین کــە قەڵــەم دەیتوانــی هەمــوو شــتێك بەنــاوی ڕۆژنامەنووســییەوە بڵــێ بــێ ئــەوەی ناونیشــان و پلــەی سیاســیی وەکــو ئێســتا ببێتــە کــۆت و کەلەپچــەی دەســت. دیــارە گەپــی دوور لــە قینیــش بــە مانــای ئــەوە دێ کــە توانجــەکان هــەر بــۆ دەوڵەمەنــدی ڕۆژنامەوانیــی و هــەر بــۆ ســیخورمەی سیاســیی زەمــان و شــوێنی خۆیەتــی. ئــەم جڵــدە بــە ناونیشــانی جیــاو بــە ئیمــزای جیاکــراون، بــەڵام لێــرە بەیــەك ئیمــزا یەکیــان گرتــەوە.

هیــوادارم شــوێن بگــرێ و بەشــێکی ئەزموونــی نۆســتالتیجیای ڕۆژانــی زوو بێــت.

**ستران عەبدوڵڵا**

٢٠٢٢/١٠/٢١

# شێخ نەمر ئەلنەمر

دەسـەڵاتدارانی سـعودیە ڕۆژی ٢٠١٦/١/٢ زانـای ئایینیـی شـیعەی سـعودییە شـێخ نەمـر ئەلنەمـری لەسـێدارەدا

هێشتا لە ژیان بوو

ناوبانگی باو بوو

ئەنگێزەی مەزهەب تینی بەتاو بوو

جەللاد نەیترساند

عاقیبەی داو بوو.

***

داوێک وەهابی، شەڕخوازی سەحرا

بیهۆنێتەوە

لەزوڵمو زەبرا

مەعلوم ئەم داوە، لەنەخشی غەدرا

ئاخوند دەکوژێ

دەیتوێنێتەوە!

***

تا لەژیاندا، زیتو زیندوو بوو

نازناوی نەمر، ناوی نەمر بوو

ساڵی بیستە پێنجەم، ژمارە: (٦٨٧٢) هەینی و شەممە ١٥ — هەواڵ

## مەنەلۆج

# شێخ نەمر نەلنەمر



دەسەڵاتدارانی سعودیە رۆژی ٢٠١٦/١/٢ زانای ئایینی شیعەی سعودیە شێخ نەمر نەلنەمری لەسێدارەدا

هێشتا لە ژیان بوو
ناوبانگی باو بوو
لەشکری مەزهەب تیلی بەڵاو بوو
جەللاد نەیترساند
عالیمی دلاو بوو.

*********

داوێنی وەهابی شەڕخوازی سەحرا
بیهۆنێنەوە
لەرزانیو زەبرا
مەحکوم ئەم داوە لەنەمخشی شەدرا
ئاخوند دەکوژن
دەیتوێنێتەوە!

*********

تا لەژیاندا زیندو زیندوو بوو
ناوبانگی نەمر ناوی نەمر بوو
کە ئیعدامکرا
ناوبانگی فری، زیاتر نەمر بوو

*********

پلنگی پلنگان شێخی ئالی بەیت
سێ جار زیندانیی لەچوارەمدا کەوت
ئەمجارە قەتیف شانۆی خوێناویو
سەحرای کەربەلاش تەماشاکەر بوو
حوزنی "یا حوسەین" لە کوفە دەرکەوت

*********

تیران بۆی گریا، بەیروت رەشپۆشە
بەغدای عەباپۆش
عەم خۆی نەخۆشە
عەم لە خەمی شێخ
بەیان دەردەکاو دڵ بە پەرۆشە

*********

نەمر نەمر دیار بوو سێدارەی بەشە
بەختی رۆژهەڵات دەمێکە رەشە
لەمێن پێشمرگەیی باوەڕی خزمەت
باوەڕی سێدارەو مەرگی بە قۆمەل
چارەی سەربڕین، هەمیشەیی لەشە
بەم بەزمە دەڵێن سیاسەتو تەگبیر
چارەسەرو حەل
هەیلێ کە پەتو سێدارەی دزێو
بکرێتە ستراتیژ ببێتە ئاکە مەل

**کە ئیعدامکرا**

**ناوبانگی فڕی، زیاتر نەمر بوو**

*******

**پڵنگی پڵنگان، شێخی ئالی بەیت**

**سێ جار زیندانیی، لەچوارەمدا کەوت**

**ئەمجارە قەتیف شانۆی خوێناویو**

**سەحرای کەربەلاش تەماشاکەر بوو**

**حوزنی "یا حوسەین" لە کوفە دەرکەوت**

***

ئێران بۆی گریا، بەیروت رەشپۆشە
بەغدای عەبادییش
هەم خۆی نەخۆشە،
هەم لە خەمی شێخ
بەیان دەردەکاو دڵ بە پەرۆشە

***

نەمر هەر دیار بوو سێدارەی بەشە
بەختی رۆژهەڵات دەمێکە رەشە
لەجێی پێشبڕکێی باوەڕی خزمەت
باوەڕی سێدارەو مەرگی بە کۆمەڵ
چارەی سەربڕین، هەتیویی لەشە
بەم بەزمە دەڵێن سیاسەتو تەگبیر
چارەسەرو حەل
حەیفێ کە پەتو سێدارەی دزێو
بکرێتە ستراتیژ، ببێتە تاکە هەل

ژمارە: (٦٨٧٢) هەینی و شەممە ١٥ -١٦ / ١ / ٢٠١٦

# ئەنجێلا مێرکڵ

مێــرکڵ تورەبــوو، بڕیاریــدا پەنابــەران بگێڕێتــەوە، چونکــە پەلامــاری ژنانیــان دابــوو.

خۆیکرد بەشەکر لەسەرەتادا
بانگی پەنابەری بەگشت دونیادا.
لای پەنابەران وەک کابانی ماڵ
شۆرەتی لەشۆرەتی هیلاری زیاتر
ناویان نا ئازا، کەسایەتی ساڵ.

***

ئەنجێلا مێرکڵ، سەرداری ئەڵمان.
کەشتی و پاپۆڕی پڕکرد لەمیوان.
گشتیانی بارکرد، خوشکی میهرەبان.
کەڤگیر بەدەستی نان و ئەرزاق بوو.
فریشتەی نەجاتی سوریاو عیراق بوو.
وتی بەخێربێن: سەرسەرو چاوان.
هەرئەم قسەیەی بۆ پەنابەریی
ڤیزا و شنگن وباقی ئەوراق بوو.

****


هەواڵ

مەنەلۆج

ئەنجێلا مێرکڵ

مێرکڵ شوورەیی، بڕیاریدا پەنابەران بگەڕێنەوە، چونکە پەلاماری ژنانیان دابوو.

پەنابەر هەمەجۆر، کورد و ئەفغانی.
عیراقی و سوری، ئێزدی و ئاشوری.
قوربانی و، جەلاد، قاتل و جانی.
هەبوون داعش و
هەشبوون ڕاکردووی
دەست نەسرەتی زۆڵ، داعشی زانی.
هەندێک پەروەردەی جیهادی نیکاح.
لەکریسمسدا: هەمووشت موباح.
تەعەددایان کرد، بەهەلیان زانی.

***

فریشتەی گرژومۆن، تەواو دەهری بوو.
تێگەیشت ئەمە هەڵەی عومری بوو.
کەڤگیری تەرخانی، شۆربای بەیانان.
وەک دار حەیزەران کەفتە راودونان.
مێرکڵ سوێندێتی، گشتیان وەرچەرخێن؛
روو لەمەڵبەندی داعشی گێڕوگۆج.
بەرەو مەفتەنی سەرکوت و بێدادی
بۆلای
ئەوانەی
نازانن چۆنە:
تەنزو مەنەلۆج.

ژمارە: (٦٨٧٨) هەینی و شەممە ٢٢ -٢٣ / ١ / ٢٠١٦

# نازی نەوت لەبازاڕا کەوت

پسپۆڕەکان دەڵێن؛ خۆری نەوت ئاوابوو، بۆیە نرخی هەروا دادەبەزێ.

تا خەڵوز هەبوو
تاجی سەر سەر بوو
کە نەوتی نەفرەت
هاتە سەر شانۆ
حەیای خەڵووز چوو
کەوتە باوکە ڕۆ
لەبەرچاومان کەوت.

***

هەتا نەوت گەنج بوو
نازی گران بوو
لەدەست زلهێزان،
مل قەوییەکان بوو
کە خوا ڕەحمی کرد
دوو بیری داینێ
بازاڕ تێی خوڕی:




"پیربووی نەوتە گیان
ئەو مەکرەی دانێ*"
***

نەوت هەر نەگبەت بوو
بۆ کوردی نەگبەت،
یان چەک بوو لەدەست
شاهەنشای ئێران،
یان کیمیاوی بوو

## بۆ گیان کوردستان

❋❋❋

کەرکوک قوربانی بەندەری حەیفاو
دواییش تەماعی بۆرێکەی "جەیهان"
مەسەلەی کوردیش نەوتاوی کرا
هەق و ئازادی
ویستی عەدالەت
لە بۆرسە لەوتا.
خۆزگە بەجاران
کورد پاڵەو کارگەر
ئارەقی نێوچەوان
ئاودێری ژانەسەر،
ئەو دابەش فەوتا

❋❋❋

کڵاشی خۆماڵی
رەنجو بەرهەمی
لای سابونکەران
سەد قات چاتر بوو
لە گەشتی نەوتی
وێڵی بەندەران
کە ئەمە دەڵێی
دەڵێن خەوبینە

نۆستالیجایە...
و دیدی ڕۆمانسی
دەسا ببیستن:
سەد لەعنەت لە نەوت
لە باسو خواسی.

*ئــەو دێــڕە هــی گۆرانییەکــی حەســەن زیــرەک-ە «پیربــووی ئــەو مەکــرەی دانــێ».

ژمارە: (٦٨٨٤) هەینی و شەممە ٢٩ -٣٠ / ١ / ٢٠١٦

# «ئیجە»ی نامەرد

هەواڵـەکان رایانگەیانـد لەنێـو منداڵانـی خێزانێکدا کـە لەدەریای ئیجـەدا لێیـان قەومـاوە، چـوار منـداڵ بەناوەکانـی (دەریـا)، (زەریـا)، (شـەپۆل)و (کانـی) هـەن.

دەریا لە یادمان
گرێی دەوڵەت بوو
چوون بێ دەریا بووین، خاکمان چوار لەت
و هەرێممان دوو لەت بوو.
کە دەریات نەبێ
دەوڵەت دەخنکێ.
کەشتی سەروەریت
وێڵەو دەلەنگێ.
بێ دەریای فیکرو بێ
سەوڵی سیاسی
بەردی نەزانت
پێ دەرباز ناکرێ.
***

دەریا لەیادمان



هەواڵ

مەنەلۆج

"ئیجە"ی نامەرد

دەریا لە یادمان

سرودی بەرخۆدان

"پێت ناخنکێمی گۆمەشینێ"* بوو

یان پیرەمێردی ئەرنست هەمەنگوای

بۆ شەڕی نەهەنگ

وزەو تینێ بوو.

***

دەریا لەیادمان

لاواندنەوەو سۆز
دڵی مەلولو زوڵفی نە لول بوو.*
ئەو یادە تەواو
بوو بە گەردو تۆز
ئەندێشەی کول بوو.
ئێستا کە دەریا تووشو تورەیە
نیشانەی بێ خێری
و ئاوێنەی تەڵخی
ئەم وەزعە قۆڕەیە.
بەخشندە نەما، دەریای فراوان
چوون وتەبێژی ئەوروپای دڵرەق.
هەر هاوارێتی: نەکەی کۆچ بکەی،
بۆ وڵاتم مەیە!
***

ئێستاکە دەریا لێمان بەدەعوا
جەرگمان لە ئیجە وەک بریان دەخوا.
لەملا سەرگەردان بێ ورەی نەبەردی
دەریاش چی هەبوو
لە ئومێدو وزە
گشتی ڕاماڵی، هەر بۆ خۆی بردی.
***

"شەپۆل"ی تووڕەی "دەریا"ی بێ رەحم

"زەریا"ی لرف دا، بۆ لای ناخودا.
"کانی" خەمی کورد سەرلەنوێ
هەڵچوو
تۆماری مەینەت
کەوتە قوڵپ دان
درشتو وردی.
ئەی دەریای بێ فەر
شایانی زەم بووی
بۆ خەڵکی خێر و
بۆ ئێمەش خەم بووی.

*ئاماژەیە بەلاواندنەوەی «پێتناخنکێم گۆمەشین» کە ناسری رەزازی وتویەتی.

*پارچەیەکی ئەدەبی رەئووف بێگەرد هەیە سەردەقەکەی وایە:

دەریا دانیشتووە دڵی مەلولە
نە چاوی ڕشتووە، نە زوڵفی لولە

**ژمارە: (٦٨٩٠) هەینی و شەممە ٥ -٦/٢/٢٠١٦**

# سیاسەتی شپرزە

دۆستی وای هابێت
مستەر ڕۆژئاوا
چی داوە لە دژ، نەیاری بە دەعوا؟
دۆستی وا دەکا بنکۆڵی دۆستی
دوژمنیش نایکا لە کۆڕی جەنگا
❋❋❋

تورکان لە ناتۆ و لەبەر دەرگای غەرب
بەتەمای ناسنامەی ئەوروپایی بوون
هێشتا هیچ نەبووە، ئۆکەی دیار نییە
جەماعەژ لەخۆڕا لەخۆبایی بوون.
❋❋❋

ئەندامی ناتۆیە و دۆستی داعشە
لەگەڵ پەکەکە داشی سەرسەختە
لەشەڕی تیرۆردا مەلیکی کشە
هەر بۆ ئیعلامە ئەو کەش و فشە
❋❋❋




بۆ غەزە دەگری و ئامەد غەززەیە
خوێنی جزیرەی وا لە ئەستۆیە
فرمێسکی گەرمە، لێرە تا بۆرما
گوایە موسڵمان غەرقە لە خەما
کەچی لە باکور دەستی خوێنینە!
هاواری عوسمانلی عالەمی پڕکرد،
"برایەتی و ئاشتی لەگەڵ وەتەن داش"
کراسی ئیمانە هەروا لەبەرما
***

ئەندامی ناتۆیە و کرداری نامۆیە

دۆستی داعشە و قینی لەشەڕڤان
لە کۆبانیا دوعای لە کورد کرد
کەچی لە موسڵ بۆم بۆتە قوربان
سیاسەتی بۆ سوننە: شین و ڕۆڕۆیە
ئەگەر دەیناسن ناوی مەهێنن
تەنها پێی بڵێن بەتیروتوانج
ناوی شێرزە، قابیل بەتۆیە

ژمارە: (٦٨٩٦) هەینی و شەممە ١٢ -٢٠١٦/٢/١٣

# چەواشە!

وەزیرێک هەبوو لە چەرخی هێتلەر
ئیشی دیعایە و خەڵک بکا بە کەر
دروشمی هەبوو، ئەم قوڕمساغە
وەها درۆ بکە خەڵک بڵێن ساغە!
❋❋❋

هێندە درۆی کرد، گۆبلزی وەزیر
سپی پێ ڕەش بوو، سووری لەلا شین
خەڵکیش ناچاربوون بە شیر بڵێن قیر
❋❋❋

جەنگی پڕوپاگەندەی وەزیری نەگبەت
بوو بە ڕێبازێک لە تف و لەعنەت
ئیعلامی درۆ کەوتە بەر نەفرەت
شکا وەزارەت بە شکانی هێتلەر
تیری درۆزن خۆی کەوتە بەر تیر
ئینتیحاری کرد وەزیری فەقیر!
❋❋❋



## مەنەلۆج

# چەواشە!

**بەو هەموو خەوشەوە گۆبلزی فیلباز**

**بەشی ئەوەندەی خۆی باوەڕ نەکا**

**بە درۆی تەڵەکەباز**

**عەقڵی هەر مابوو، ڕاستی لای خۆی بوو**

**درۆی بۆ خەڵکی کردبووە بەردەباز**

**کەچی لای خۆمان ئەگەر دوور نەڕۆی**

**درۆزن خەریکە لە تاو درۆی خۆی**

**لەجێی جەماوەر خۆی تێدەکەوێ**

**دەڵێ: درۆکەم هەی لە منت کەوێ**

خۆم باوەڕم کرد کە قسەم راستە
راستی خەڵک چەوتی و
پڕوپاگەندەشم: پرگاڵ و ڕاستە
***

مودەعی فشەکەر
دروشمی وایە: درۆ بکە هەر  درۆ بکە
تا خۆت باوەڕکەی، لە جێی جەماوەر
وا لە درۆدا تەجەلی کراون
لێی دەرباز نابن
بە بەند و داون
ئەم کەرە لەم قورە هەرگیز دەرناچێ
لیتەی چەواشەکار
تا بن رۆ دەچێ
تیایدا چەقاون،
تاسەر فاوتان.

ژمارە: (٦٩٠٢) هەینی و شەممە ١٩ -٢٠١٦/٢/٢٠

# پاڵەوان، بەهلەوان

ئەوەی بچووکە هەروا بچووکە
خەونی بچووکو
ئەرکی ئاسانو
باریشی سووکە
***

سیاسەت گەورەبێ
سیاسەتمەداریش، هەروا گەورەیە
سیاسەتی بەرتەنگیش
لە لێقەومانا ئاشکرا دەبێ
داخۆ ڕاستەڕێ
یانە زگزاکیو پێچە بەدەورەیە؟
***

لە شێنەییدا سیاسەت نمایش
لێبوکیو ئەکتەری
سەر شاشەکانە
وەختی تەنگانە لە جێی ریشە ئیش
دێتە نەبەردی



## مەنەلۆج

# پاڵەوان، بەقلەوان

ئەوەی بچووکە هەروا بچووکە
خەونی بچووکەو
ئەرکی ئاسانو
باریشی سووکە

***

سیاسەت گەورەیە
سیاسەتمەداریش هەروا گەورەیە
سیاسەتی بەرنامەگیش
لە لێکەوتنا ئاشکرا دەبن
دڵنۆ ڕاستەرێ
پاڵە زگرالێو پێچە بەدەورەیە؟

***

لە شوێنەیدا سیاسەت نمایش
لیتوکیرو ئەکتەری
سەر شانشەکانە
وەختی ئەنگانە لە جێی ڕیشە نیش
دێتە ئەمبەرێ
ئەو کەسەی پشوو درێژ
هەم قارەمانە.

***

زۆرمان دی دەنگی
دلێر وەک کاوە
شمشێری ئەسکەندەر
جەنگیزی ئەم ناوە
هەر کە وەرز گۆڕا
زستانی سەختی
سەرما بردڵە لە ڕەشی بەختی،
ئێستا داماوە.

***

قسەی ڕۆژنامەی شەپۆلی ڕادیۆ
و ستۆدیۆی تیڤی
نایە وەگیانی تا ئەبەد
کێوماڵی وێستی "پەهلەوان"
هەر گرمەی تۆفان
تووشبووتی ڕاستی
ناوێنەی قاڵبووی
کوڕی ئەنگانە.
هەر ئەویش ڕۆڵەی مەرە
خۆی قارەمانە.

ئەو کەسەی پشوو درێژ
هەم قارەمانە.

❊❊❊

زۆرمان دی دەنگی
دلێر وەک کاوە
شمشێری ئەسکەندەر
جەنگیزی ئەم ناوە

هەر کە وەرز گۆڕا
زستانی سەختی
سەرما بردەڵە لە ڕەشی بەختی.
ئێستا داماوە.

***

قسەی ڕۆژنامان، شەپۆلی رادیۆ
و ستۆدیۆی تیڤی
نابنە وەکیلی تا ئەبەد
کێومالی ویستی "بەهلەوان"
هەر گرمەی تۆفان
تووشبوونی راستی
ئاوێتەی قاڵبووی
کوڕی تەنگانە.
هەر ئەویش رۆڵەی مەرد
خۆی قارەمانە.

ژمارە: (٦٩٠٨) هەینی و شەممە ٢٦ -٢٠١٦/٢/٢٧

# سایکس ... بیخۆ

بەهاری عەرەبییە
بۆ دیموکراسی
کەچی تایتلیت وا لێ تێکدەچێ
پێتوایە ئەمە بەشی ئیخوانە
بە بەرگو کراسی
بەهار عوسمانیو
میسریش ویلایەت
مورسی خدێوی
سیسیش ناناسی
نەتیجە دیارە
بەهار خەزانە
پێش ئەوەی چلەی چێ.
***

ناوەکەی سوریا، هی ئیفرەنجییە
"حەلەب"و "شام" خۆشن
سەیرانو باخی
ئەوانیش هی خۆتن
روسیا چییە؟!


هەواڵ

مەنەلۆج

سایکس ••• بیخۆ

بەشار ئەسەدیش
والییەکی یاخی
پەیەدە تیرۆریست
یەپەگەش وازبێنە
تۆ قورمساغی.

***

سفر کێشەکەت لێ بووە
بە سفرەی
کێشەو ناکۆکی

بەشار ئەسەدیش
والییەکی یاخی
پەیەدە تیرۆریست
یەپەگەش وازبێنە
تۆ قورمساغی.

***

سفر کێشەکەت لێ بووە
بە سفرەی
کێشەو ناکۆکی

دەستت وەردێنی
لە هەموو کونێ
خۆشت لێ بووە بە
ساین ساسۆکی
عوسمانلی ئامانجت
ئیمپراتۆریا.
لەم سەدەیەدا وا خۆت لێگۆڕا
لەپڕ دەورانی بەهارت تۆرا
زەمانە پێت دەڵێ
سێڤر زیندووە
"لۆزان" سکتربێ، جێی ون لە گۆڕا
***

گێچەڵت لە میسر تا سوریاو لیبیا
ئەمانەش لوغمن، هی سایکس بیکۆ
کەبتەقنەوەو بە دڵی خۆت بن
مەمنونی خودای تاکو نیوەڕۆ...
بەدڵی فراوانخوازی سوڵتانیش نەبێ
نابێ هەڵوەشێ ئەم سایکس بیکۆ
کە دەستی فراوانخوازیت
ئیقلیم گیر دەبێ، سنوورت شێواوە
دەبڕۆ، دەی... بیخۆ.

**ژمارە: (٦٩١٤) هەینی و شەممە ٤ -٢٠١٦/٣/٥**

# ڕاپەڕینی بیجامە!

ئەگەر هەبوایە
توانا و تاقەتێک
لەوی یەکەمدا پاڵەوان دەبووی.
لەوی پێشوودا بۆ
زەحمەتکێشان، بۆ ستەمدیدە
کاکەی شوان دەبووی.
لە دەوری بەعسا، بە بیجامەوە
لەبەردەم دەرگادا هەر ڕاوەستابووی
ئەوسا ڕاپەڕین پیشەی تۆ نەبوو
لەسەرکزیدا زانا و وەستابووی
مەزەی بەعس بووی، بە مێزەرەوە
براو ئیخوانی شۆڤێنییەکان و
قەزوانی ماستاوی،
مەیلە و خەستابووی
***

سەلەفی جەدەلی
نەزۆکی بێ کەڵک و
نیشتووی سێبەری




تەکیەی عروبە
کوردی چی و کوردستان
بەری خەیاڵێک
رۆژی لێ بڕا، کاتی غروبە
هەڵەبجە چییە و ئەنفال کەی قەوما؟
دەتگوت: رزگاری نایا بە خەوما
***

ئێستا غیرەتی راپەرینتە
لە دەسکەوتی کورد رق و قینتە
ئەگەر هەبوایەی، ئەو کات دەبووی

بەرەو پیری مەرگ
بە بازدان دەچووی
کە لە یەکەمدا لە ئارا نەبووی
لەمی دووەمیش گەرمە سپیی شینتە
***

مەرد رادەپەڕێ، کورد ڕادەپەڕێ
نامەرد دەترێ، دەستنوێژی نابێ،
هەر ئەوەش خەساری دونیا و دینتە

ژمارە: (٦٩٢٠) هەینی و شەممە ١١ -٢٠١٦/٣/١٢

# فەوزاو چاکسازی

وڵات فەوزا بێ، داعش لێی رابێ
حەشدی میلیشیا سەروەری
سوپای بێ
پایتەخت لە هەرێم
وا بەقینا چێ.
مەعلومی جەنابتە
ئۆپۆزسیۆنەکەی
لە بەختی رەشا،
چارێکی نییە، هەردەبێ وەهابێ
تەیاری سەدریو سەید موقتەدا بێ.
***

هەتا ئەمریکا لە عیراقا بوو
تەیاری سەدری ماکی فەوزا بوو،
لەلای مالکی
چاکسازی هەر دروشمو
دەسکەلای جەزا بوو.
ئەمڕۆ لە بەغدا
حکومەت داماوە



ساڵی بیستەو پێنجەم، ژمارە (٦٩٢٦) هەینی و شەممە ١٨ -

هەواڵ

## مەنەلۆج

# فەوزاو چاکسازی

ولات غەوزا بێ داعش لێی ڕابێ
حەشدی میلیشیا سەروەری
سوپای بێ
پایتەخت لە حەرەم
وا بەڤینا چن،
مەعلومی جمایە
ئۆپۆزسیۆنەکەی
لە بەختی ڕەشا
چارێکی نییە، هەردەبێ وەهابێ
ئەیاری سەدرو سەید موقتەدا بێ.

***

هەتا ئەمریکا لە عیراقا بوو
ئەیاری سەدری مالکی غەوزا بوو
لەلای مالکی
چاکسازی هەر دروشم بوو
دەسکەلای جەزا بوو.
ئەمڕۆ لە بەغدا
حکومەت داماوە
پەرلەمان چەقبەستوو
مەرجەعیەی نەجەفیش هەروا تیاماوە.
سەدر لە کایەیە
سەدر خۆپیشاندەرو
سەدر لەو ناوە.
یەکەم کارەکتەر
یەکەم کارتیی سوور
شمشێری لەڕووی
حەیدەر عەبادی
وا هەڵگیرشاوە.

***

لە گیمێی ئەودیە
ئەوی تا دوێنێ میلیشیادار بوو
وا چاکسازی کرد
کە داشی سوار بوو
ئەوساکە و ئێستاش
گرین زۆن ئامانجییە
ئەو کاتەی ئۆیی
بۆ پێوەندنا
یاخود ئێستاکە
کە ملیۆنان کەس
هاواری بۆ دەکەن، چاکی کە... دەڵێ!

**پەرلەمان چەقبەستوو**

**مـەرجەعیەی نــەجـەفیش هەروا تیاماوە.**

**سەدر لە کایەیە،**

**سەدر خۆپیشاندەرو**

**سەدر لەو ناوە.**

**یەکەم کارەکتەر**

**یەکەم کارتیی سوور**

**شمشێری لەڕووی**

**حەیدەر عەبادی**

وا هەڵکێشاوە.

***

نە گبەتی ئەوەیە
ئەوی تا دوێنێ میلیشیادار بوو
وا چاکسازی کرد
کە داشی سوار بوو
ئەوساکە و ئێستاش
گرین زۆن ئامانجییە
ئەو کاتەی تۆپی
بۆ پێوەدەنا
یاخود ئێستاکە
کە ملیۆنان کەس
هاواری بۆ دەکەن: چاکی کە... دەنا!

ژمارە: (٦٩٢٦) هەینی و شەممە ١٨ -٢٠١٦/٣/١٩

# حکومەتی تەکنۆکرات

عەرەب کە کوێر بێ
ناوی بەسیرە
یانی نەک چاوساغ
بەڵکو دیتنی هێندە وردەکار
زۆر و کەسیرە
نەزۆک ئەبو جاسم
پێی ناڵێن بێ بەر،
وەجاخی کوێر و وەچەی نادیار.
ڕەوانبێژ لە وەسفا
مەدحەیان بەلیغە
وەک نوقلی بەرات
ئەمەیە ناوی
حوکمی تەکنۆکرات.

***

حاجی، شێخ و مەلا
ئاغا و هەم مەولا
لە دیموکراسی، حوکمی سێۆرت
و لە مەدەنیەت، بوونەتەوە


مەنەلۆج

حکومەتی تەکنۆکرات

**کەچی وا تازە**

**هاتوونە سەرخەت**

**دەڵێن نەوەڵڵا**

**ئێمە هەڵە بووین**

**ئەمەیان رێی نەجات:**

**یاخوا بەخێر بێی حوکمی**

**تەکنۆکرات.**

*******

**چاکیان هەڵتراند لە ماوەی پێشوو**

حوکمی تەوافوق، سیحری بەتاڵبوو
ماوەیەک نوشتەی حوکمی زۆرینە
ئەوی کە سوننە زۆر لێی بەقینە
ئێستا بەزمی رۆژ،
باس هەر باسەکەی: تەکنۆکراتە.

***

ئەوی لە دەستچوو، لە وزە و توانا
قەرەبوو ناکرێ، بێ پیاوی دانا
بەغدا خنکاوە لە سەدی
موسڵ
داعش زەخمێتی لە رێی نەمانا
ئیتر وەسفی جوان چوون
نوقڵ و نەبات
دادیـــــان نـــادات حــوکـمـــی تەکنۆکرات!

ژمارە: (٦٩٣٤) هەینی و شەممە ١ -٢/٤/٢٠١٦

# پەنا لە پەناما

کە لە وڵاتا دیموکراسی بیت
دادگات کارا بێ و یاساش
سەروەر و جێبەجێ بکرێ
دێر بە دێر و پیت بە پیت
ئیتر دونیاکەت دۆزخی گەرمە
و بۆ پارەخواردن، گەندەڵی کردن
مەگەر هەر خودا پەنات پێ بدات
یان لە پەناما
پارەت دابنێی، کە ئەوەش شەرمە.
***

کە پەنات نەما، پەنەما دەرفەتە
باج مەدەرە کەس
زەحمەت مەکێشە
باج و زەریبە
بۆ چاوچنۆکان
یاسای سەقەتە.
چەند خۆشە بخۆی، کاسبی بکەی
پاشماوەی کارگەت ژینگە پیس بکا



هەواڵ

# مەنەلۆج

## پەنا لە پەناما



**خەڵکی کاس بکا**

**بەڵام قەرەبووی ئەم دەردە نەکەی**

**لە زبڵخانەی وڵاتی پەناما**

**سەرمایە ساغ کەی**

**بیشۆریتەوە، بڵێی کوا نەما؟**

*******

**هەمیشە وابووە و هەر واهاتووە**

**سەرمایەداری هەر حەیای چووە**

**تا وەکو ناوەندی پاک و خاوێن بێ**

**زبڵخانەکەی لە وڵاتی هەژار**

**بۆنی رۆچووە.**

**ژمارە: (٦٩٤٠) هەینی و شەممە ٨ -٢٠١٦/٤/٩**

# نۆستالیجیای غەزەتە

"بۆ یادی ڕۆژنامەوانیی کوردی"
هێشتا میدیامان نەکەوتە سەرپێ
وا بە جارێکی بوو بە سەروپێ
بە کامی دڵمان قەت تێرمان نەخوارد
کەچی وا دڕا کاغەزی موراد
ڕەواجی نەما کاغەز و قەڵەم
کەوت بەسەر دەما، شکا لوت و دەم
لەناو عالەمدا، ژورناڵ بوو بەرباد.
هەمووی دەورێکە،
چاپ و کاغەزمان، کەوتۆتە گەڕێ
غەزەتەی کرمانج
کەچی ئینتەرنێت، فەیسی قورمساغ
یەخەی پێ گرتووین. لێمان ناگەڕێ
ئێژێ: تەواو بوو، عەسری کاغەزین
خوێنەران گشتیان، لە کاغەز غەزرین.
نەماوە باوی حیبر و چاپخانە، پلێت و پیتچن،
گشتیان ئاوابوون، لە چین و ماچین.
نۆرەی عەولەمە، پەخشی تویتەرە
ئەوەی دوا کەوێ، وەزعی خەتەرە


مەنەلۆج

نۆستالیجیای غەزەتە

"بۆ یادی رۆژنامەوانیی کوردی"

وازمان لێ بێنن، با تێر بۆنی کەین
ئەم کاغەزەی وا هی رۆژنامەیە
بێ کاغەز و چاپ میدیا کامەیە؟
حەزمان لێیەتی، چونکە مەحروم بووین.
حاجی قادریش خەمی بۆ خواردوین
ئێمە هەر نەوەی میقداد و (بلە)ین.
پەیڕەوی ڕێبازی (قەلەندەر) خانەین
بۆنی کاغەز و حەرفی چاپخانە
بۆ دەردی ئێمە، یەکەم دەرمانە
بابرۆن سکتر بن، ئەولادی عەسرن
فەیسبوک و تویتەر، گووی قنیان بسڕن.

**ژمارە: (٦٩٤٦) هەینی و شەممە ١٥ -٢٠١٦/٤/١٦**

# داستانی عیراق

ترە کەڵەکە و هەر بە ترِ بەنە
عیراقی عەزیم هەر وای هێناوە
رۆژێ سوننە گیان
رۆژێ شیعە خان
سەرداری پایتەخت
دوایی هێناوە
بە کۆڕی دۆستان
***

داستانی ئازار
زستانی سەخت بوو
تەنها وەرزێکی
هی مژدە و هەم بەخت
سەوزەڵانی بوو
وەختێ بەهاری
تاڵەبانی بوو
بەهارێ سەد یار
خێری لێ بینی
نەیاری دیموکراسیش




**گەیشتبووە تینی**

*******

**هەر بە زۆر بەنە ئەم بەندە و باوە**
**دەنا دەمێکە کاری تەواوە**
**چاکسازی، باجکاری**
**دیموکراسیی هیچ**
**بێ بەرە داری**
**تا بینا قاقای نوقمی**
**گەندەڵی**

هەر پایەدار، کورسی و سەندەڵی
لەگەڵ فیزی زل
و خولق و ئەتواری
کەچی بەم کوردە
دەڵێن گەندەڵی
بۆ خۆیان دەلوێ
وڵات تاڵان کەن
کەچی قینیانە
لە کوردەواری
***

شیعە و سوننەکەی
لەگەڵ کوردە گیان
دەمێکە رەوتیان
بۆ دەستبەرداری
ئەمرۆی بەگومان،
ترسی نادیاریی
***

عیراق نەماوە
لای عیراقییەکان
باعیس مانەوەی، بەم رەسمەی ئێستای
ئارەزووی کۆنی
ئێران و توران

کەوتۆتە نێوان
دەنا دەمێکە
لار بۆوە باری

**ژمارە: (٦٩٥٢) هەینی و شەممە ٢٢ -٢٠١٦/٤/٢٣**

# دەورانی کرێکار!

ساڵی جارێکە جەژنی کرێکار
وای لێهاتووە لە خەڵک بۆتە بار
جـــاران گۆرانی و سرودی خرۆش
جیهانی کارگەی ئەهێنایە جۆش
وێردی سەرزار بوو
ناوی پرۆلیتار!
وا لێی تر سابوون
بورژوا و سەرمایە
دژە شۆرشیان
هێنایە کایە
وردە بورژواش ماستاوی دەکرد
بەڵکو بەو بەزمە بێنەوە مایە
کاکی کرێکار خۆی شۆرشێک بوو
هەڕەشەی لە نیوەی ئەوروپا دەکرد
نیوەکەی تریش، خۆی حوکمی دەکرد
گاڤ نا گڤێکیش لە ئاسیا و ئەفریقا
بۆ پەستی ئەمریکا
شۆرشی سوری وا بەرپا دەکرد
دەنگ بداتەوە لەوپەڕی لاتین!




ساڵی بیست و پێنجەم ژمارە (٦٩٥٨) هەینی و شەممە ٢٩ -

هەواڵ

## دەورانی کرێکار!

سالی جارێکە جەژنی کرێکار
وای لێهاتووە لە خەڵک بۆتە بار
جاران گۆرانی و سروودی خرۆش
جیهانی کارگەی ئەهێنایە جۆش
وێردی سەرزار بوو
ناوی پرۆلیتار!
***
وا لێی ترساوون
بورژوا و سەرمایە
دژە شۆڕشیان
جێنایە کایە
وردە بورژواش ماستاوی ئەکرد
بەڵکو بەو بەزمە پێئەوە مایە
کاکی کرێکار خۆی شۆڕشێک بوو
هەڕەشەی لە نیوەی ئەوروپا دەکرد
نیوەکەی تریش خۆی حوکمی دەکرد
گەلێ تا کۆڵێکیش لە ئاسیا و ئەفریقا
بۆ پەستی ئەمریکا
شۆڕشی سووری وا بەرپا دەکرد
دەنگ بداتەوە لەوپەڕی لاتین!
***
دونیا دەورانە
بۆ ئەسکەندەریش بۆ
سوارچاکانی دەوری دەرەبەگیش
نەما و نەمانە
دونیا هەرواش بوو بۆ پرۆلیتار
کە سۆڤێت کەوت ئەوانیش کەوتن
باری نالەبار!
***
ئێستا ئەوانەی خۆیان دابووە پاڵ
چینی کرێکار بە ماڵ و منداڵ
لێی هەڵگەڕاون نایکەن مەرحەبا
دەڵێن کرێکاری داماوی کارگە
لەگەڵ جووتیاری ناو چەقی
کێڵگە
سیاسەت و حکومەت
کوچا مەرحەبا!!
***
چەند بێ وەفایە ئەم دونیای فانی
بۆ کەس ناسوڕێ دەورو زەمانی
تەنها جەژنەکەی رەسمە بۆ ماڵی
دەسکەوتی کرێکار ئەم مەیدانە!
خەتای سۆڤێت بوو
ئەو بوو لەوتانی!

**دونیا دەورانە**
**بۆ ئەسکەندەریش، بۆ**
**سوارچاکانی دەوری دەرەبەگیش**
**نەما و نەمانە**
**دونیا هەرواش بوو، بۆ پرۆلیتار**
**کە سۆڤێت کەوت، ئەوانیش کەوتن**
**باری نالەبار!**

***

**ئێستا ئەوانەی خۆیان دابووە پاڵ**
**چینی کرێکار، بە ماڵ و منداڵ**

لێی هەڵگەڕاون نایکەن مەرحەبا
دەڵێن کرێکاری داماوی کارگە
لەگەڵ جوتیاری ناو چەقی کیڵگە
سیاسەت و حکومەت
کوجا مەرحەبا!؟

***

چەند بێ وەفایە ئەم دونیای فانی
بۆ کەس ناسرەوێ دەورو زەمانی
تــەنها جەژنەکەی رەمزە بۆ مانی
دەسکەوتی کرێکار لەم مەیدانەدا
خەتای سۆڤێت بوو
ئەو بوو فەوتانی!

ژمارە: (٦٩٥٨) هەینی و شەممە ٢٩ -٢٠١٦/٤/٣٠

# سەدر و خۆمان

تا هەبوو لە ناوا
گەندە و گەندەڵی
لێی بخۆ و لێی ببە، بە کەیف و سازی
کە لێی بێزار بووی، بۆی بفڕە و
برۆ، هەرخۆت شابازی
لە جیاتی خەڵکیش، دەنگت بڵند کە:
کوانێ چاکسازی؟
***

سەدر وای کردووە و ئێستاش وا دەکا
هەروا بەمجۆرەش، لە ئەرکی سەرشان
موحاسەبە و پرس، هەردەم ڕا دەکا.
هەتا خاوەن ماڵ
دزی فێڵبازی
لە قافی دزدا، بە جورمەوە گرت.
دزی میعلان و ڕاهاتووی دزی
خاوەن ماڵی گرت:
ئەها کردی فرت
بۆ کوێ بار ئەکا؟




***

**پەرلەمان نەما، بە چەقەنەیە**

**ناوچەی سەوز گیرا**

**یەک فەرتەنەیە**

**هەن دڵیان خۆشە**

**بەم مەهزەلەیە**

**وەک بڵێی لای خۆمان**

**مەئوای جەنەیە**

**لە بەغدا پەرلەمان داگیر کراوە و**

**لێرەش سەرۆکی ڕاگیر کراوە.**

دەست بە خەنەیە

***

ســـــەدر دێ و دەڕوا
هەر بێگانەیە
غەریب و نەیار
هەر دەبێ بێزار
حـــەیـــفـێ بـــۆ خـــۆمـــــان
عینادی بکەین
نەچینە ژێر بار
نەبینە مەدەنی
نەبینە دیموکرات
بمێنین، لاسار

ژمارە: (٦٩٦٤) هەینی و شەممە ٦ -٢٠١٦/٥/٧

# بوقی بۆق

چونکە خۆی مەیلی سەنگەربەندییە
پاشکۆیەتی لای شەکر و قەندییە
درۆی زل دەکات بۆ خاس و عەوام
دایمەی خوا دەڵێی ئەم ئەفەندییە
رزقی ناسورێ، ناگاتە مەرام
ئەگەر نەگرێ، تەوەس..
لەم سلێمانییە.
***

چونکە خۆی حەزی لە تورک و مورکە
پروپاگەندەیە درۆ تا ڕاستی
ئێژێ ئەم شاری سولەیمانییە
بە دەست عەجەمەوە، ئەرزی مەتروکە.
پروپاگەندەی ئەو وەهم و درۆیە
ئەوەندە وتییەوە
لێی بووە بە ڕاست، بە عیلمی یەقین
تەونی رەش تۆخە، هی جاڵجاڵۆکە
***




**خۆی تێوە گلاوە لە جەمسەرگیری**

**هێلکەکانی گشت**

**کردە سەبەتەی ساین و سوڵتان**

**بە ڕەشبگیری.**

*******

**دەستی کەشف بوو لە کلک گرێدان**

**درۆی زل زلە**

**کابرای بێ ویژدان**

**گوایە سلێمانی کەوتە ژێر دەستی**

**وڵاتی عەجەم و حکومی ئێرانێ**

ئەمە گشت وەهمە تا حەلالی کا
واقیعی ئەوەی خەریکە
کوردستان
دەبێتە بەشێک لە وڵاتی تۆران
ئەفسانەی ئێران درۆی زل و زەق
خواستیانە بیکەن بە ڕاستی موتڵەق
ئەوەی بە دڵی بێت، پێی دەڵێ یا هەق
ئەوەی ناڕاست بێ دەیکاتە نوشتە
بۆ دوعای پیاوچاکان.
ڕاستی و حەقیقەت
دەیداتە بەر شەق
خـــۆی تاوانبارە، سیاسەتی شاراوە
چەکوشی گەرەکە
بیداتە بەرێ
چەکوش و مەترەق.

ژمارە: (٦٩٧٠) هەینی و شەممە ١٣ -٢٠١٦/٥/١٤

# بەغدا و ئەنقەرە

دەسـەڵاتدارانی سـعودیە رۆژی ٢٠١٦/١/٢ زانـای ئایینیـی شـیعەی سـعودییە شـێخ نەمـر ئەلنەمـری لەسـێدارەدا

دیموکراسییەکەی نەتەوەی سەردەست، هەروا بڕ دەکات
کە دەستیان نەڕوا
هەڵبژاردنە و
بۆکس و شەقازلەش نەسیبی
کاتێک دەکەونە بەردەست
❋❋❋

لە تورکیا وابوو، عیراقیش هەروا
بیوک مەجلیسی بووە سەکۆی
شەڕ
کەمالیستەکان بە ناوی خواوە
بۆکسیان وەشاند
بوونەوە بەد فەڕ
کەچی پێش چەند ساڵ
بە کوردیان دەوت
چی ئەکەی لە چیا؟



مەنەلۆج

# بەغدا و ئەنقەرە

دیموکراسییەکەی نەتەوەی سەردەست، هەروا پڕ دەکات
کە دەستیان نەڕوا
هەڵبژاردنە و
یۆکس و شەقازلەش
نەسیبی
کاتێک دەکەونە بەردەست
***
لە تورکیا وابوو عیراقیش
هەروا
بیوک مەجلیس بووە
سەکۆی
شەڕ
کەمالیستەکان بە ناوی ئەتاتورک وایە

خواوە
بۆکسیان وەشاند
بوونەوە بەد فەڕ
کەچی پێش چەند ساڵ
بە کوردیان دەوت
چی ئەکەی لە چیا؟
دیموکراسییە
بە خێر و بە فەڕ
هەدەپە هاتە ڕێ
تا خێری بێتە ڕێ
ئەمما دیموکراسی ئاکپارتی
درۆ
وەک عەلمانییەکەی

عەلەوی لەلای ئەو، کافری
خودایە.
***
لە عیراقیشا کورد ئیزن درا
نوابی عەرەب پیلانیان گێرا
سەدریان ماندا، پێئەوە
مەیدان
خۆشیان بێ دەنگ بوون
گورگێکی مات بوون
لە پێستی مەڕا
تا دیزائیبیان کرد
حوکمی پەرلەمان
کوردی داماویش
باکوور، باشوور بێ

لە دەرەوەی یاری
بوونە سەرگەردان
نە لێ دەگەڕێن حوکمی
خۆی بکا
نە بەشی دەدەن
ئەوەی لای خۆیان.
***
بەغدا و ئەنقەرە نەفەسیان
تەنگە
بۆ نوابی کورد میللەت
وەکیلی
بەرامبەر ئێمە ڕەنگیان یەک
ڕەنگە
تا ئاخر زەمان

**دیموکراسییە**

**بە خێر و بە فەڕ**

**هەدەپە هاتە ڕێ**

**تا خێری بێتە ڕێ**

**ئەمما دیموکراسی ئاکپارتی درۆ**

**وەک عەلمانییەکەی ئەتاتۆرک وایە**

**عەلەوی لەلای ئەو: کافری خودایە.**

**❋❋❋**

**لە عیراقیشا کورد ئیزن درا**

**نوابی عەرەب پیلانیان گێرا**

سەدریان هاندا، بێتەوە مەیدان
خۆشیان بێ دەنگ بوون
گورکێکی مات بوون
لە پێستی مەڕا
تا دیزانییان کرد
حوکمی پەرلەمان
کوردی داماویش
باکوور، باشوور بێ
لە دەرەوەی یاری
بوونە سەرگەردان
نە لێ دەگەڕێن حوکمی
خۆی بکا
نە بەشی دەدەن
لەوەی لای خۆیان.
***

بەغدا و ئەنقەرە نەفەسیان تەنگە
بۆ نوابی کورد، میللەت وەکیلی
بەرامبەر ئێمە،ڕەنگیان یەک ڕەنگە
تا ئاخر زەمان

ژمارە: (٦٩٧٦) هەینی و شەممە ٢٠ -٢٠١٦/٥/٢١

# شۆڕشی یەکێتی، بەهاری کوردی

بە چەندت کڕی
و چەندت پێداوە
هەر بەو قیمەتە؟
بۆت خەملێنراوە
بە راپەڕینی فەیسبووکو تویتەر
بە پڤ لێدانی کورتو موختەسەر
هاتییە سەرحوکم
هەر بەو شێوازەش لێی دەکرێیتە دەر
***

بەهاری فەیسبووک
حەملی کازبە
شۆڕش سەر ناخا
کیبۆردو ماوس
کۆمێنتی چروک
منداڵی نەستەلەی
حەملی وا کازب
بە ناز دێو دەڕوا
لارە لارێتی، رەفتاری نۆ بووک



هەواڵ

مەنەلۆج

# شۆڕشی یەکێتی، بەهاری کوردی

بە چەندت کڕی
و چەندت پێداوە
هەر بەو قیمەتە!
بۆت هەڵێنراوە
بە ڕاپەڕینی فەیسبووکەو
تویتەر
بە پێگ ئێدانی کوردەو
موختەسەر
هاتییە سەرحوکم
هەر بەو شێوازەش لێی
دەکرێتە دەر
***
بەهاری فەیسبووک
حەملی کازیە
شۆڕش سەر ئاخا
کیبۆردو ماوس
گۆمێتی چرواک

منداڵی ئەستەلەی
حەملی وا کازب
بە ناز دێو دەڕوا
لارە لاڕێتی ڕەفتاری نۆ بووك
***
شۆڕشی تونس،
هی میسرو لیبیا
بە نرخی هەرزان
کەوتنە ڕووی دونیا
هەر ئاواش ژیان
هەر ئاواش مردن
یان شکست دەخۆن
دەبن ڕوو سیا
دەبنە بەرداشی
ژێر زەبری توندی
ئەمریکاو ڕووسیا
***

مبارەک ئەروا مورسی دێتە جێی
مورسیش وا دەرکەوت بۆتە
خەت مائیل
لە جێی قەزافی حوکمی
شێخو وێت
چەند میری داعش، حوکمی
قەبائیل
یەمەن دەردەدار
دەستی دەستوەردان
کەوتوتە ژێر پێی
ڕاڕەوەی عەرەبی
بەزمی قالوقیل،
***
شۆڕش ئەوەیە ڕەنجی
قەرهانی
بۆ خەرج بکری
تا دەگاتە جێی

خیوا و موڕادی
ڕەنجی دووڕەمەودا فرمێسکی
خوێنین
بەری خەبات بن
کەم بۆ خۆت بژی
تا گەل کەڵ بژین
دوژمن تێکشکێن
بەرەو بەر بادی
شۆڕش ئەوەیە یەکێتی کردی
تا دێرینتر بن
"شۆڕشی نوێ" تره
گۆی هونەرێك بوو
ئازادی بردی،
شۆڕشی یەکێتی
نەورۆزی ڕەسەنە
نابێتە پاییز
بەهاری کوردی،

***

**شۆڕشی تونس،**

**هی میسرو لیبیا**

**بە نرخی هەرزان**

**کەوتنە ڕووی دونیا**

**هەر ئاواش ژیان**

**هەر ئاواش مردن**

**یان شکست دەخۆن**

**دەبن ڕوو سیا**

**دەبنە بەرداشی**

**ژێر زەبری توندی**

## ئەمریکاو رووسیا

***

موبارەک ئەڕوا مورسی دێتە جێی
مورسیش وا دەرکەوت بۆتە خەت مائیل
لە جێی قەزافی حوکمی شێتو وێت
چەند میری داعش، حوکمی قەبائیل
یەمەن دەردەدار
دەستی دەستوەردان
کەوتۆتە ژێر پێی
ڕارەوەی عەرەبی
بەزمی قالوقیل.

***

شۆڕش ئەوەیە رەنجی فەرهادی
بۆ خەرج بکرێ
تا دەگاتە جێی
هیوا و مورادی
رەنجی دوورمەودا فرمێسکی خوێنین
بەری خەبات بێ
کەم بۆ خۆت بژی
تا گەل کەڵ بژین
دوژمن تێکشکێ
بەرەو بەر بادی

شۆڕش ئەوەیە یەکێتی کردی
تا دێرینتر بێ
"شۆڕشی نوێ" ترە
گۆی هونەرێک بوو
ئازادی بردی.
شۆڕشی یەکێتی
نەورۆزی ڕەسەنە
نابێتە پاییز
بەهاری کوردی.

**ژمارە: (٦٩٨٢) هەینی و شەممە ٢٧ -٢٠١٦/٥/٢٨**

# پەندی زەمانە

خەبەر هات لە ئامەدەوە گوایە وتویانە کورد مەسەلە سی نییە

پێش ئەویش زۆر بوون
کوردیان نەناساند
کوردیان قڕ دەکرد
خەڵکیان دەتاساند
ئەوانە لە کوێن؟
غەرقی خوێنی گەش
بەندی قەبری تەنگ
هی زوڵمو زۆر بوون
***

ئەتاتۆرک وتی: کورد مەسەلەسی
فیتی ئینگلیزە، هی ئیرتیجاعە
گوایە سکویلار، دژی شێخ سەعید
ئێستا وا لە کوێ میراتی رەسی؟
حوکمەکەی نەما، عەسکەر نیوەی برد
نیوەکەی کەوتە بن قاچو دەستی
نیو عوسمانلی، ئیخوانی مورسی


هەواڵ

ساڵی بیست و پێنجەم، ژمارە (١٩٨٨) هەینی و شەممە ٣

Amed

# مەنەلۆج

## پەندی زەمانە

خەبەر هات لە ئامەدەوە گوایە وتویانە کورد مەسەلەی نییە

پێش ئەویش زۆر بوون
کوردیان نەناساند
کوردیان قڕ دەکرد
خەڵکیان دەناساند
ئەوانە لە کوێن؟
غەرقی خوێنی گەش
پەندی قەبری تەنگ
هی زوڵم و زۆر بوون
***
ئەتاتورک وتی: کورد مەسەلەمی
فیتنی ئینگلیزە، هی ئیرتیجاعە
گوایە سکویلار دژی شێخ سەعید
ئێستا وا لە کوێ میراتی ڕەسی؟
حوکمەکەی ئەما، عەسکەر ئیوەی برد
ئیوەکەی کەوتە بن قاچ و دەستی
ئیو عوسمانلی، ئیخوانی موڕسی
***
جەنەرالی کودەتا
جەمال غورسیلیش
هەر لە ئامەد بوو، کە شەکری شکاند
مەسەلە یاساغ
کورد لە تورکیا یۆخ
مێژوو جوابی دا، عەسکەری پساند
گۆڕا بارودۆخ
هەر لە شەستەکان
کورد لێی ڕابۆوە و کوردستان هەستا،
مەسەلەی کورد وەر
دیموکراسی چۆخ
***
عەسکەر هاتەوە، عەسکەر کۆڵی دا
ئامەدی دێرین جوابی مێژووی دا
دیموکراسی خواست،
مەسەلەی میللەت
وا لە کۆڵی نا،
پێش ئەم دەورانەش
هەڕەشەیان کرد، ئێوە ئیرهابین
کورد بوونی نییە، بۆچی قێر نابن؟
یەک ئاڵا، یەک میللەت
یەک دەرد و غیلەت
ئەگینا بەشتانە
کوشتن و زیللەت
پەندی و ئەسارەت
کوانێ لە کوێیە!
ئەنیشتەی غازی
ئەنیتو پاشا
مەکری مەندریس، پەنهان و ڕازی
شەپقەکەی دیمیریل
ئەجیو ئاجەکەی
سەرشانی ئیڤرین
قیز قیزەکەی
ئانسو چیلەر
هەم مەکر و ئازی
ئەماین سوڵتان
لە پایەی حوکمیان
پایەدار ئەما،
دەور و هەیوانە
"هەڵگیراون لەو کێوانە
بوڵەتە پەندی زەمانە"

***

**جەنەرالی کودەتا**

**جەمال غورسیلیش**

**هەر لە ئامەد بوو، کە شەکری شکاند**

**مەسەلە یاساغ**

**کورد لە تورکیا یۆخ**

**مێژوو جوابی دا، عەسکەری پساند**

**گۆڕا بارودۆخ**

**هەر لە شەستەکان**

**کورد لێی ڕابۆوە و کوردستان هەستا:**

**مەسەلەی کورد وەر**

## دیموکراسی چۆخ

***

عەسکەر هاتەوە، عەسکەر کۆڵی دا
ئامەدی دێرین جوابی مێژووی دا
دیموکراسی خواست، مەسەلەی میللەت
وا لە کۆڵی نا.
پێش ئەم دەورانەش
هەڕەشەیان کرد، ئێوە ئیرهابن
کورد بوونی نییە، بۆچی فێر نابن؟
یەک ئاڵا، یەک میللەت
یەک دەردو عیلەت
ئەگینا بەشتانە
کوشتنو زیللەت
بەندی و ئەسارەت
کوانێ لە کوێیە؟
ئەندێشەی غازی
ئەنینۆ پاشا
مەکری مەندریس، پەنهانو رازی
شەپقەکەی دیمیریل
نەجمو تاجەکەی
سەرشانی ئیڤرین
قیژ قیژەکەی
تانسوو چیلەر،

هەم مەکرو نازی
نەماون سوڵتان
نە پایەو حوکمیان
پایەدار نەما،
دەورو هەیوانە
"هەڵدێراون لەو کێوانە
بونەتە پەندی زەمانە"

ژمارە: (٦٩٨٨) هەینی و شەممە ٣ -٢٠١٦/٦/٤

# پێکەوەبین

مەولانە

من شاعیر نیم لەخۆوە بەیتم بۆ دێ
دڵم خۆشە، بزەو خەندەم لەبۆ دێ
من نەمەستم چاک بزانە نەسەرخۆشم
نەدێوانەم حاڵم گرتبێ نەدەروێشم
لەدڵمدا هەڵپەڕینە، هێندە دڵخۆشم
هێند دڵخۆشم، هێند دڵخۆشم
وامەبینە فرمێسکم دێنە خوارێ
ئەشکی شادین بەگوڕ لەچاوم دەبارێ
هۆ پیرە مام پیری حەکیمی نەتەوە
هەر پیربیتو لاوبیتەوە چاک بیتەوە
بەگفتوگۆو زمان بێیتەوە
لەسەر دەستت ئەمجارەش هەموو کورد
ئاشت بێتەوە، ئاشت بێتەوە
ئاشت بێتەوە
دەستمان بگرە لەم هەورازەش باسەرکەوین
وەکو جاران بیسەلمێنین هەر پێشڕەوین
هەر پێشڕەوین هەرپێشڕەوین
لەخزمەتی ئەم نەتەوە قەت ناسرەوین


هەواڵ
مەنەلۆج
پێکەوەبین

قەت ناسرەوین قەت ناسرەوین
گیانی شەهیدان لەدەورمان دەفڕن
دایکان، خوشکان، هاوسەرەکان، ئیتر فرمێسک بسڕن
دەوەرنەوە هەڤاڵینە با کۆ وەبین
کۆڕی خەبات جۆش دەینەوە پێکەوەبین
پێکەوەبین، پێکەوەبین
ئاڵا هەڵکەین هەموو رەنگێکی تیابێ
چەپکە گوڵەکەی دەستی مام بێ وەک گوڵزاری کوردستان بێ
لەبیرمان بێ مێژووی هاوبەش لەخەبات دوورو درێژ
نـــابڕێتـەوە هێند درێژە وەک مەسەلەی نوێژە
وەکو مەسەلە نوێژ پیرۆزە وەکو نوێژە

واپێشمەرگە لەحەمرینە ئاڵای کوردستانی چەقاند
علی کوردی راست بۆوە شاگەشکە بوو ئاڵاکەی توند راوەشاند
توند رایوەشاند، هەر رای وەشاند
ئەی پێشمەرگەکانی یەکێتی پارێزەرانی نیشتمان
رزگارتان کرد ئەوەی مابوو لە کوردستان
لەنیشتمان لەژێر دەستان
شەنگارو کەرکوک و خانەقین و گوڵاڵە
سەربەستن سەربەرزن رووسورن وەک گوڵاڵە
روویان گەشاوە، ئاڵە وەک لالەزاری گوڵاڵە
ئەی پێشمەرگە رزگاربوونی کوردستان لەسەر دەستی تۆیە
ئەوەی تر هەرچی بڵێ کێ داواکا هەمووی درۆیە
هەموو درۆیە، هەموو درۆیە
من شاعیر نیم پۆ تەڵاکم مەکوتنەوە
بەیتی بلەن، هەرچی دەیڵێم نایڵێمەوە
نایڵێمەوە
گەورەیی مام بوو یەکێتی و گۆڕان یەکبوونەوە
لەماڵی ئەو دەست لەمل ئاشت بوونەوە
لەحزوریا هەموو کوردێ گەش بوونەوە
شاد بوونەوە
لێم ببورن هەر ئەوەندەم لێ زانی
لام پیرۆزە زۆر پێم خۆشە خوا دەزانی
خوا دەزانی، خوا دەزانی

**ژمارە: (٦٩٩٤) هەینی و شەممە ١٠ -٢٠١٦/٦/١١**

# کورد و عەرەب و داعش

کورد لە مەیدانا
خوێنو رەنج ئەدا
شەڕی داعشو تیرۆری دونیا
بە فیعلی دەکا
عەرەب لەم لاوە
هەقی هیچی نییە
بە دوو قسەی خۆش
پشتیوانی درۆ
رەخنەمان بەنج دەکا
ئەڵێن ئافەرین
کوردی زۆر ئازا
لە پێشمەرگەتان،
گەریلاو شەڤان
چ حەشرێک ئەکا
بە داعشی خوێری
ئیرهابی بێ مەودا
***

ئەوان لە کەیفو سەفای خۆیانن




کورد و عەرەب و داعش

کورد لە مەیدانا
خوێن و ڕەنج ئەدا
شەڕی داعش و تیرۆری
دونیا
بە غیرەتی دەکا
عەرەب لەم لاوە
هەقی هیچی نییە
بە دوو قسەی خۆش
پشتیوانی درۆ
ڕەخنەمان پەنج دەکا
ئەڵێن ئافەرین
کوردی زۆر ناز!
لە پێشمەرگەمان،
گەریلاو شەڕڤان
چ هەشریک ئەکا
بە داعشی خۆیری
ئیرهابی پێ ئەدا!

***
ئەوان لە کەیف و سەفای
خۆیان
ڕۆژێ عەلمانی
و ڕۆژێ سۆشیالیست
ڕۆژێکی تریش
زۆر بە ئیمانن
گوایە دینی وان
ئەهوەنترێکە
لەوەی بەغدادی
ئیدعای دەکا
ئەمما بە کردار هەر وەکو
داعش
قینیان لە کوردە
حەزیانە بکێشن
داد و بێدادی،
ولاتانی خۆیان

پایتەخت و شاریان
هەر زۆر بێ وەین
کامیی ئاسایی، ئەمنیەت
بەرقەرار
ژیان ئازادی
وا عیراقیشیان کردووە
دەردەدار
گرنگە پزیشکی
نەکاتە لایان
لێیان تێکنەچن
